# ناسیۆنالیزمی کوردی: بنەچەکەی چییە؟

نووسەر: جێگر حەسەن*
وەرگێڕ: ژیوان کاویانی

## پوختە

تێگەیشتنێکی گشتی لای بەشێک لە ئەکادیمی و ناسیۆنالیستە کوردەکان هەیە لایان وایە، ناسیۆنالیزمی کورد کۆنە و خۆڕسکە وەک لە سەدەکانی مێژوودا سەلمێندراوە. ئەم بنچینەخوازانە ئاماژە بە کولتوور و زمان و ئەدەبیاتی کوردیی جیاواز دەکەن وەک بناغەیەک بۆ شوناسێکی نەتەوەییی کۆنی کورد. بەرەیەکی پێچەوانەی مۆدێرنیستەکان، جەخت لەوە دەکەنەوە چەمکی ناسیۆنالیزم بەرهەمی پیشەسازیکردن و مۆدێرنیتەیە. توێژینەوە لەبارەی سەرچاوەی ناسیۆنالیزم لە دەرەوەی مشتومڕی پێش-مۆدێرنیزم، کەمێک پێش کەوتووە. ڕێدۆزێکی جێگرەوە بۆ سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزم لە لایەن بەرهەمەکانی ئەنتۆنی سمیسەوە دەخرێتەڕوو. ئەم ڕێدۆزە کە بە بنچینەخوازیی (نەرم) ناودێرکراوە، دان بە توخمە سەرەتایی و مۆدێرنەکانی ناسیۆنالیزمدا دەنێت. پرسی توێژینەوەکە لێرەدا ئەوەیە: ناسیۆنالیزم لە کوێوە سەرچاوە دەگرێت؟ ئایا بۆماوەییە یان پێکهاتەیە؟ ئەم وتارە سەرلەنوێ مشتومڕێکی کلاسیکی لە نێوان دوو تیۆریی باڵادەستی ناسیۆنالیزم دەکاتەوە و بەکارهێنانیان بۆ کەیسی کورد هەڵدەسەنگێنێت. بەڵگەکانی وتارەکە باس لەوە دەکات، نە ڕێدۆزی سەرەتایی و نە ڕێدۆزی مۆدێرنیستی تاکلایەنە ناتوانێت گرنگی بە سەرچاوەی ناسیۆنالیزمی کوردی بدات. بەڵکوو بابەتەکە دەڵێ نەتەوەکان – وەکوو کەیسی کورد ئاشکرای دەکات، لە لایەک تایبەتمەندیی سەرەتایی و لە لایەکی تریش تایبەتمەندیی مۆدێرن لەخۆدەگرن.



## سەرەوشەکان

ناسیۆنالیزم، بنەچەخوازی، مودێرنیزم، ناسیۆنالیزمی کوردی، مێژووی کورد، ئەدەبیاتی کوردی.


## پێشەکی

لە نێو هەندێک لە ئەکادیمیستەکان و ناسیۆنالیستە کوردەکاندا تێڕوانینێکی گشتی هەیە کە ناسیۆنالیزمی کوردی کۆن و سروشتییە وەک چۆن لە چەندین سەدەی مێژوودا دەرکەوتووە. ئەم ڕوانگەیە ئاماژە بە گێڕانەوەی زارەکیی مێژوویی و کولتوور و زمانێکی جیاوازی کوردی و ئەدەبیات دەکات وەک بونیادێک بۆ شوناسی نەتەوەییی کۆنی کورد. ئەم ئەکادیمیستانە و ناسیۆنالیستە کوردەکان لەگەڵ دیدگای سەرەتایی ناسیۆنالیزمدا بەشدارن، کە دەڵێت نەتەوەکان خاوەنی سیفەتی پەیوەستکراون کە ناگۆڕدرێن (Joireman 2003: 20). هەرچی بێت ئەم بانگەشەیە زۆرجار تایبەتمەندییە مۆدێرنەکانی نەتەوەکان و ناسیۆنالیزم پشتگوێ دەخات.

بۆ مۆدێرنیستەکان چەمکی ناسیۆنالیزم کۆن نییە بەڵکوو بیرۆکەیەکی ڕۆژئاواییە کە بە هۆی پیشەسازییەوە بەرهەم هێنراوە و بە نەتەوەکانی ڕۆژهەڵات ناسێنراوە (بڕوانە ڤان برۆینسن؛ هیرشلەر؛ سترۆهمایر). مۆدێرنیستەکان بەم تێرمە باس لە ناسیۆنالیزمی کوردی دەکەن و لە هەمووی تایبەتیتر، دەرکەوتنی وەک کاردانەوە بەرانبەر بەو گۆڕانکارییە سیاسییانەی دوای دارمانی ئیمپراتۆریی عوسمانی هاتبووە ئاراوە، لێک دەدەنەوە. پێش ئەم قۆناغە کورد بە درێژاییی هێڵە خێڵەکی و جوگرافییەکان پەرشوبڵاو و دابەش بوون و خاوەنی هەستێکی یەکگرتووی نەتەوەیی نەبوون. کێشەی سەرچاوەی ناسیۆنالیزم لە دەرەوەی مشتومڕی سەرەتایی-مۆدێرنیزم، کەمێک پێش کەوتووە. بەڵام کارەکانی ئەنتۆنی سمیس[1] لەسەر «سەرەتاگەراییی نەرم[2]»، ڕێبازێکی جێگرەوە بۆ سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزم دەخاتە ڕوو. ئەم ڕێبازە دان بەوەدا دەنێت، ناسیۆنالیزم هەم توخمە سەرەتاییەکان و هەم توخمە مۆدێرنیستەکانی تێدایە.

ناسیۆنالیزم لە کوێوە سەرچاوە دەگرێت؟ ئایا بۆماوەییە یان بنیات نراوە؟ بە تایبەتیتر، ئایا ناسیۆنالیزمی کوردی کۆنە یان دیاردەیەکی مۆدێرنە؟ ئەم وتارە سەرلەنوێ مشتومڕی کلاسیکی نێوان دوو تیۆریی باڵادەستی ناسیۆنالیزم دەکاتەوە و کارپێکردنی هەریەکەیان بۆ کەیسی کورد هەڵدەسەنگێنێت. بەڵگەی من ئەوەیە، نە ڕێبازی سەرەتایی و نە ڕێبازی مۆدێرنیستی بە تەنیا ناتوانێت بایەخ بە سەرچاوەی ناسیۆنالیزمی کوردی بدات. کەیسی کورد ئەوە دەردەخات کە نەتەوەکان و ناسیۆنالیزم تایبەتمەندیی سەرەتایی و مۆدێرنیان هەیە. نەتەوە بەرهەمی گرووپێکە پراکتیزەی کولتووری و زمانەوانی ناوازە و زۆرجار درێژخایەنیان هەیە. وتارەکە پشت بە سەرەتاییگەرایی [ئەزەڵی] «نەرم» دەبەستێت بۆ ئەوەی پردێک لە نێوان ئەو دوو تیۆرییەدا دروست بکات. بە شێوەیەکی پراکتیکیتر، پریمۆردیالیزمی نەرم، یارمەتیدەرە بۆ پاڵپشتیکردنی گەشەسەندنی مێژوویی کورد: خەڵکانێکە دانیشتووانی سەقامگیر و پراکتیزە کولتوورییە کۆنەکانیان هەیە، بەڵام ئەوانە هەستی ناسیۆنالیزمیان تا مودێرنیتە پەرەی پێ نەداوە. وادیارە بارودۆخی مۆدێرنیتە لە خۆیدا بەس نەبێت بۆ بەرهەمهێنانی هەستێکی سەقامگیری نەتەوەیی، بەتایبەتی لە کەیسی کورددا. بەم پێیە، بابەتەکە ئەوەمان بۆ دەردەخات گەشەسەندنی ناسیۆنالیزمی مۆدێرنی کوردی لە لایەک پێویستی بە بوونی کولتوور و زمانێکی کۆن (ئەگەرچی کولتوور و زمانێکی تەواو ناوازە نییە) و لە لایەکی تر پاڵنەرە سیاسی و کۆمەڵایەتییە تایبەتەکان هەبووە. چۆن تەنیا نموونەی توێژینەوە یارمەتیمان دەدا بۆ ئەوەی باشتر لە سەرهەڵدانی نەتەوەکان و ناسیۆنالیزم تێ بگەین؟ نموونەی توێژینەوە بریتییە لە **'توێژینەوەیەکی چڕ لە یەک کەیس بە مەبەستی تێگەیشتن لە چینێکی گەورەتری کەیسەکان** (Gerring 2007: 95). بە لەبەرچاوگرتنی وربوونەوەی زیاتر، سوودی تایبەتی هەیە بۆ لێکۆڵینەوە لە تەنیا کەیسێک. **یەکەم،** لێکۆڵینەوە لە تاکە کەیسێک، دەرئەنجامێکی وەسفکەر دەدات بە ئەکادیمییەکان، بەسوودە بۆ بەراوردکردنی یەکەیەک لەگەڵ یەکە هاوشێوەکانی تر (Gerring 2004: 346; Hawkins 2009) دووەم: خوێندنەوەی ورد بۆ کەیسی کورد، تاقیکردنەوەیەک بۆ ڕوانگە سەرەتایی و مۆدێرنەکان دابین دەکات و سەرەڕای ئەوەش، دەتوانرێت لەو دۆزینەوانە یان تیۆرییانەی لە کەیسی کوردییەوە دروست دەبن، کەڵک وەربگیرێ و بۆ کەیسەکانی تری هاوشێوەی بەکاری بهێنین. بابەتەکە بەم شێوەیە بەردەوام دەبێت. لە بەشی یەکەم بە کورتی مێژووی کورد دەخرێتەڕوو بۆ ئەوەی کۆنتێکست بۆ سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزمی کوردی دابین بکات. **بەشی دووەم** ڕوانگەی سەرەتایی دەخاتە ڕوو. بنچینەخوازی ڕوون دەکاتەوە، نیشان دەدات چۆن بۆ کەیسی کورد دەگونجێت و هەندێک ڕەخنە لە ڕێبازەکە پێشکەش دەکات. هەروەها تیشک دەخاتە سەر گرنگیی ئەدەبی کوردی لە ئاگادارکردنەوە و پەرەپێدانی ناسیۆنالیزمی کوردی. لە **بەشی سێیەمدا** ڕوانگەی مۆدێرنیستی بۆ ناسیۆنالیزم و چۆنیەتیی ڕوونکردنەوەی سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزمی کوردی و هەندێک ڕەخنە لە ڕێبازەکە دەخاتە ڕوو. ئەم بەشە پێشنیاری ئەوەیە، گەرچی ئەم ڕێکارە ڕوونکردنەوەیەکی بەرواڵەت قایلکارانە بۆ سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزمی کوردی پێشکەش دەکات، بەڵام لەگەڵ ئەوەش، کێشەیەکی ناتەواوە. **بەشی چوارەم** بە سوودوەرگرتن لە بەرهەمەکانی ئەنتۆنی سمێس بەشدارییەکانی تیۆرێکی جێگرەوە بۆ ناسیۆنالیزم دەناسێنرێت. بەم کارە، بابەتەکە بنچینەخوازیی "نەرم" دەگرێتەبەر بۆ ئەوەی تێ بگات ناسیۆنالیزمی



https://en.wikipedia.org/wiki/Kurdish_nationalism#/media/File:Pre-referendum,_pro-Kurdistan,_pro-independence_rally_in_Erbil,_Kurdistan_Region_of_Iraq_25.jpg

کوردی لە کوێوە هاتووە و چۆن پەرەی سەندووە. لە کۆتا بەشدا هەندێک تێبینیی کۆتایی لەسەر سوودی سەرەتاییگەراییی «نەرم» بۆ ڕوونکردنەوەی نەتەوەکان و ناسیۆنالیزم پێشکەش دەکرێت. بەرلەوەی بابەتەکە بچێتە پێشەوە، یارمەتیدەر دەبێت بۆ پێناسەکردنی چەمکە سەرەکییەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە: نەتەوە، ناسیۆنالیزم، ئیتنیکی (یان جڤاکی) و ناسیۆنالیزمی کوردی. بنەمای ئەم توێژینەوەیە، پێناسەی ئەنتۆنی سمێس بۆ نەتەوەیە.

وەک کۆمەڵگەیەکی مرۆیی ناودار و خۆپێناسەکراو کە ئەندامەکانی ئەفسانە، یادەوەری، هێما، بەها، نەریتی هاوبەش دەچێنن، لە نیشتمانێکی مێژووییدا نیشتەجێن و خۆیان لەگەڵیدا دەناسێنن، کولتوورێکی گشتیی جیاواز دروست دەکەن و بڵاوی دەکەنەوە و داب و نەریتی هاوبەش و یاسا هاوبەشەکان ڕەچاو دەکەن. (Smith 2008: 19)

بە سەرنجدانی ئەوەی کە، پێناسەی سمێس نموونەیەکی ئایدیالییە، نەتەوەکان دەکەونە سەر بەردەوامیی خاوەندارێتیی زیاتر بۆ کەمتر لەم تایبەتمەندییانە. لە لایەکی دیکەوە زاراوەی ئیتنیکی بەم شێوەیە پێناسە دەکرێت کە کۆمەڵی مرۆیی کەوا ئەفسانە و مێژوو و کولتووری بنەماڵە هاوبەشەکانیان هەیە، پەیوەندییان لەگەڵ خاکێکی دیاریکراو و هەستکردن بە هاودەنگیدا هەیە (سمێس ١٩٨٦: ٣٢). بەڵام «هەستی کۆدەنگی» سستە و نابێتە هۆی ناسیۆنالیزم و خواستی دەوڵەتداری. ناسیۆنالیزم ڕەنگدانەوەی خواستی دانیشتووانێکی دیاریکراو بۆ یەکخستنی یەکە سیاسی و نەتەوەییەکانە (Gellner 1983: 1). زۆرجار ئەم خواستە لە نزیکەوە بەستراوەتەوە بە ئامانجێکی سیاسیی کۆنکرێتەوە، ئەویش ئەوەیە نەتەوەکان لە کۆتاییدا هەوڵی دامەزراندنی دەوڵەت دەدەن. بەم شێوەیە دەتوانرێت ناسیۆنالیزمی کوردی وەک کردەوەیەکی ئامانجدار لە داڕشتنی

ناسنامەیەکی کوردی لە ڕێگەی بانگەواز بۆ زمان و کولتوور و مێژوویەکی هاوبەش وەک ئامرازێک بۆ ئامانجێکی بەرجەستە چاو لێ بکرێت. لەم بەشەی خوارەوەدا گێڕانەوەیەکی کورت و گشتی لە مێژووی کورد پێشکەش دەکرێت.

## مێژووی کورد و مێژووی ناسیۆنالیزم

پەلاماری عەرەبەکان لە سەدەی حەوتەم، ئیسلامیان بە ناوچەکە ناساند؛ بەڵام کورد پراکتیزەی کولتووری و زمانەوانیی داگیرکەرانی خۆی وەرنەگرت. جگە لەمەش زۆر زانیاریی کەم لەسەر کورد بەرلە ئیسلام و دەسەڵاتی عەرەب هەیە (Hassanpour 1992; MacDowall 2004). ئەوەی ئێمە دەیزانین ئەوەیە کە کۆمەڵگای کوردی خێڵەکی بووە و بە حوکمڕانیی لۆکاڵی تایبەتمەند بووە و لە ڕووی جوگرافییەوە دابەش بووە. دوابەدوای داگیرکارییەکانی عەرەب، کورد کەوتە قۆناغێکی شڵەژان و کەوتە ژێر دەسەڵاتی تورکی سەلجوقی و مەغوڵ (حەسەنپوور ١٩٩٢: ٥٠). ئەمەش تا دەوروبەری کۆتایی سەدەی پانزە و سەرەتای سەدەی شانزە بەردەوام بوو کە لەو سەردەمەدا هۆزە کوردەکان ملکەچی دەسەڵاتی عوسمانی و فارس بوون. هۆزە کوردەکان دانیان بە سەروەریی شای سەفەوی و سوڵتانی عوسمانیدا نا بەڵام ئەم هۆزانە حوکمڕانییان دەکرد (و سەربەخۆییەکی بەرچاویان بەسەر گەل و خاکەکەیاندا هەبوو) (MacDowall 2004: 27). سەرەڕای سەقامگیریی ڕێژەیی ئەم ڕێکخستنە، پێکدادان لە نێوان عوسمانییەکان و سەفەوییەکان و لە نێوان دەسەڵاتدارانی ناوەندی و هۆزەکانی کورد زۆر بوو. پێکدادانەکان تا هەڵوەشاندنەوەی ئیمپراتۆریەتی سەفەوی لە سەدەی هەژدەهەم و لاوازبوونی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لە سەدەی نۆزدەهەمدا بەردەوام بوون (Hassanpour 1992; MacDowall 2004; Olson 1989).

حەسەنپوور لای وایە، بیرۆکەی نەتەوە و ناسیۆنالیزم، لە سەدەی حەڤدەیەمدا ڕواڵەتێکی باوی نەبووە، لە ڕاستیدا لە هەلومەرجی تایبەتی کوردستاندا پەرەی سەند (١٩٩٢: ٥٥). نووسەرانی کوردی وەک شەرەفخان بەتلیسی و ئەحمەدی خانی وەک بەڵگەیەک بۆ بەئاگاهاتنەوەی ناسیۆنالیزمی کوردی دەهێنێتەوە. بەڵام ئەو ئارگیومێنتە بە ناوی ناسیۆنالیزمی "فیۆدالی" دەستنیشان کراوە، کە پێشی دەخات بۆ جیاکردنەوەی لە ناسیۆنالیزمی "چینی ناوەندی مۆدێرن" (١٩٩٢: ٥٦–٧). حەسەن پوور پێشنیاری ئەوە دەکات، ناسیۆنالیزمی مۆدێرنی کوردی لە دەوروبەری ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەمدا دارێژراوە، بەڵام تا ڕووداوەکانی سەرەتای سەدەی بیستەم وەک شۆڕشی گەنجانی تورک لە ساڵی ١٩٠٨دا قۆزاخەی نەبەستبوو، هەرچەندە حەسەنپوور بوونی ناسیۆنالیزمی سەدەی حەڤدەیەمی کوردی دەپارێزێت، بەڵام تێبینی دەکات تا سەدەی بیستەم کۆمەڵگای کوردی، فیۆداڵی و پڕ لە ناتەبایی بووە و ناسیۆنالیزمی مۆدێرنی کوردی لە ئەنجامی هەوڵەکانی کورد بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئاسمیلاسیۆن بووە. (٦٥: ١٩٩٢). ئەم جۆرە سیاسەتە جیاکاریيانە لە ئەنجامی بەدیهێنانی دەوڵەتەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی دوای جەنگی جیهانیی یەکەمدا بووە. داڕمانی ئیمپراتۆریی عوسمانی لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا، ساتێکی وەرچەرخانی بۆ مێژووی کورد دیاری کرد. کۆتایی جەنگی جیهانیی یەکەم و دواتر پەیمانی ئاشتیی نێوان عوسمانییەکان (واتە تورکیای مۆدێرن) و بریتانیا، بانگەشەی بۆ دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی دەکرد. پەیماننامەی سیڤەر لە ساڵی ١٩٢٠ نوێنەرانی ئیمپراتۆریەتی بریتانیا و ئیمپراتۆری عوسمانی واژۆیان کردبوو، ڕێکخستنێکی بۆ سەربەخۆیی

کــورد لەخۆ گرتبوو. دوو مــادەی تایبەت بە مادەی ٦٢ و ٦٤ تایبەت کرابوون بۆ پرســی کورد. یەکەمیان ئۆتۆنۆمیی بۆ کوردەکان دابین دەکات لەو ناوچانــەی دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی فورات، باشــووری ســنووری ئەرمینیا وەک ئەوەی لەمەودوا دیــاری دەکرێت و باکووری ســنووری تورکیا لەگەڵ سوریا و میزۆپۆتامیا (پەیماننامەی ســیڤەر ١٩٢٠). شــاندێکی ســێ کەســی لــە ئەورووپــاوە پەیماننامەیەکیان دارشــت بۆ پشــتیوانی لەو مادەیە. هەروەها مادەی ٦٤ گرنگە. دەڵێت:

*ئەگەر لە ماوەی یەک ساڵدا لە کاتی چوونە بــواری جێبەجێکردنی ئــەم پەیماننامەیە نەتەوەکانــی کــورد لە چوارچێــوەی ئەو ناوچانــەی کە لــە مــادەی ٦٢ دا دیاری کراون، بە شــێوەیەک خۆیان ئاراســتەی ئەنجومەنی کۆمەڵــەی نەتەوەکان بکەن بۆ ئەوەی پیشانی بدەن زۆرینەی دانیشتووانی ئەو ناوچانە ئارەزووی سەربەخۆیی لە تورکیا دەکەن، ئەگــەر ئــەوکات ئەنجومەن پێی وایە ئەم نەتەوانە توانای ســەربەخۆیی لەو جۆرەیان هەیە و پێشــنیاری ئــەوە بکات پێیان بدرێت، تورکیــا لێرەوە ڕازی دەبێت بە جێبەجێکردنی پێشنیارێکی لەو شێوەیە و دەستبەرداری هەموو ماف و ناونیشانێک بێت بەسەر ئەو بوارانەدا [پێداگری زیادکرا]*

ئەو مادەیە جێبەجێ نەکرا. ئەگەری دەوڵەتی کــوردی کاتێــک نەمــا تورکیا لــە ڕێگەی پەیماننامەیەکــی نــوێ بە ســەرکردایەتیی ئەتاتورک ســنوورەکانی خۆی دارشــتەوە و پەیماننامــەی لۆزان لە ســاڵی ١٩٢٣ دانی بە بوونــی کورددا نەنا. بــەڵام پەیماننامەی ســیڤەرێش بە هۆکاری ســیمبۆلیکی گرنگ دەمێنێتــەوە. لــە ڕوانگەی ناسیۆنالیســتی کوردەوە دیارە کورد گەلێکی جیاواز لە تورکی عوسمانی و عەرەبە. لەوەش گرنگتر، بابەتەکە بە ڕوونی ئاســۆی دەوڵەتبوونــی کوردی بە خواســتی دەربڕینی کورد بۆ ســەربەخۆیی بەستەوە. لە ئەنجامدا، هەر هەوڵێکی داهاتوو بــۆ دەوڵەتداری پێویســتی بە پشــتیوانیی دانیشتووانێک هەبوو لەو سەردەمەدا لە ڕێگەی قەناعەتێکــی هاوبەشــەوە بە ناســنامەیەکی نەتەوەیی سروشتی یەکگرتوو نەبوون. ئەمەش هەر زوو دەگۆڕا، چونکە کورد دەستی کرد بە ناسین و دەربڕینی کولتوور و زمانی هاوبەشی خۆی. ناسیۆنالیســتە کوردەکان لە سەرەتای سەدەی بیســتەمدا هەوڵیان دا بۆ ئەوەی لە دانیشــتووانی کورددا هەســتی شوناســێکی سەرەتایی هەڵگیرسێنن.

## ڕوانگەی بنچینەییانە و ناســیۆنالیزمی کوردی

بنچینەخــوازی، بەڵگەی ئەوەیــە نەتەوەکان سروشتی، خۆڕسک و کۆنن (ئۆزکیریملی ٢٠١٠: ٤٩). ناســیۆنالیزم و پەیوەندییە نەتەوەییەکان وەک بەرهەمــی پەیوەندییەکانــی خوێــن و خێزانــی و دێرینیــی مێژوویــی دەبینێت (Joireman 2003: 19–20). لەم ڕوانگەیەوە، ســەدەکانی مێژوو و کولتوور و نیشتمانێکی هاوبەش بە باشــترین شــێوە ســەرهەڵدانی ناســیۆنالیزم ڕوون دەکەنــەوە. ڕوانگــەی بنچینەخوازەکان ئەوەیە، ناسنامە و نەتەوەکان وەک شــتێکی بەخشــراو، قووڵ و زاڵبوون و جێگیر دەبینن (Eller and Coughlan 1993: 187). لەناو بــەرەی بنچینەییەکاندا مودێلی جۆراوجــۆر هەیە دووانیان بۆ مەبەســتی ئەم بابەتە باس دەکرێــن. **یەکەم**، بنچینەخوازیی **"کولتووری"**یــە، ئــەم ڕوانگەیــە جەخــت لــە گرنگیــی ئەندامبــوون لــە گرووپێک و خاوەندارێتیی پراکتیزە کولتووری، زمانەوانی و کۆمەڵایەتییەکانــی ئــەو گرووپە دەکاتەوە (Joireman 2003: 24). هەندێک لە لایەنگرانی بنچینەخوازیی کولتووری، بریتین لە ئێدوارد شیڵز (١٩٥٧)، ئادریان هاستینگس (١٩٩٧)



https://www.google.com/search?

و کلیفۆرد گێرتز (١٩٧٣)، هەریەکەیان هەوڵیان داوە ناسنامەی نەتەوەیی لە ڕێگەی چاویلکەیەکی کولتووری و کۆمەڵایەتییەوە ڕوون بکەنەوە. بۆ نموونە کلیفۆرد گێرتز (٢٥٩: ١٩٧٣) وابەستەیی بنچینەیی بەم شێوەیە پێناسە کردووە: "پێدراوەکان"ی بوونی کۆمەڵایەتی. گیرتز ڕوونی دەکاتەوە ئەم بەخشینە بەم شێوەیە:

*لەدایکبوون لە کۆمەڵگەیەکی ئایینیی دیاریکراوەوە، قسەکردن بە زمانێکی دیاریکراو [...] [و کەوا] هاوخوێنی، ئاخافتن، داب و زۆر شتی تر، هەندێ جار لە ڕادەبەدەر دەسەڵاتیان لە خۆیاندا هەیە وەسف ناکرێت.*

گێرتز جەخت لە وابەستەییە کولتوورییەکان دەکاتەوە و پیشانی دەدا پەیوەندییەکان سروشتین. گرنگ نییە ئایا وابەستەییەکان سروشتین یان نا، بەڵکوو گرنگتر ئەوەیە، تاکەکان وەک ئەوەی دراون سەیریان بکەن (سمێس ٢٠٠١: ٥٣). بۆیە بنچینەییەکان باوەڕیان بە سروشتیبوون و کۆنبوونی نەتەوەکان هەیە

**گرووپی دووەم**، "بنچینەخوازیی نەرم"، تیشک دەخاتە سەر ڕۆڵی مێژوو و نیشتمانێکی هاوبەش (واتە پەیوەندییە دەروونی و سۆزدارییەکان) لە یەکخستنی گرووپێکدا. (Joireman 2003: 28) لایەنگرانی بریتین لە واکێر کۆنر و ئەنتۆنی سمێس. هەرچەندە ئەم هەڵوێستە بنەما "بایۆلۆژییەکانی" نەتەوەکان پشتگوێ دەخات، بەڵام قبووڵ دەکات نەتەوەکان زگماکین و ناگۆڕدرێن (٢٨: ٢٠٠٣) بۆ ئەم گرووپە، چەمکی بیروباوەڕی هاوبەش و مێژووی بەسوودترین تێڕوانین بۆ سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزمی کوردی و باسێکی کورت لەبارەی سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزمی کوردی دەکات (٢٩: ٢٠٠٣). هەردوو بنچینەخوازەکانی کولتووری و نەرم، چەند تێڕوانینێکی

بەسوود و باسی کورت لەبارەی سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزمی کوردی پێشکەش دەکەن.

زۆر جار کوردناسەکان تیشک دەخەنە سەر توخمە کولتووری و زمانەوانی و دەروونییەکانی کورد و ناسیۆنالیزمی کورد (Edmonds 1968; Hassanpour). سی.ج.ئێدمۆندز (٨٧: ١٨٧١) دەڵێت کورد لانی کەم لە ناوەڕاستی سەدەی حەوتەمەوە کۆمەڵگەیەکی جیاواز بووە بەو پێیەی ناوی ) کورد( بۆ ئاماژەدان بە دانیشتووانی ڕۆژئاوای ئێران بەکارهاتووە. ئێدمۆندز بە باشترین شێوە سەرچاوە سەرەتاییەکانی ناسیۆنالیزمی کوردی کورت دەکاتەوە:

*کورد یەک نەتەوە پێکدەهێنێت، لانی کەم سێ هەزار ساڵە شوێنی ژیانی ئێستای داگیرکردووە. تەمەنیان لە سەرهەڵدان و دارمانی زۆرێک لە ڕەگەزی ئیمپراتۆریی تێپەڕاندووە: ئاشووری، فارس، یۆنانی، ڕۆمی، عەرەب، مەغۆل، تورک. هەموویان مێژوو و زمان و کولتووری تایبەت بە خۆیان هەیە. وڵاتەکەیان بە ناڕەوا دابەش کراوە. بەڵام ئەوان خاوەنی ڕەسەنن، نەک نامۆ وەک کەمینەکان بەسەرباریان بزانن و ئیمتیازاتی سنووردایان هەیە بە تەمان داگیریان بکەن (Edmonds 1971: 88)*

حەسەن پوور (٢٠٠٣) ئاماژەی بە کۆنیەتیی زمانی کوردی کردووە. زمان لای ئەو نوێنەرایەتیی بنەڕەتیترین توخمە نەتەوەییەکان دەکات کە لە دامەزراندنی ئەدەبێکدا ڕەنگ دەداتەوە. چاوپۆشی لە توخمەکانی تری ناسنامەی نەتەوەیی دەکات و لەبری ئەوە جەخت لەسەر پەرەپێدانی زمانی ئەدەبی کوردی دەکاتەوە کە لە کۆتاییی سەدەی پانزەیەمەوە دەستی پێ کردووە. بەم شێوەیە مێژوویەکی دوور و درێژ و کۆن بە ناسیۆنالیزمی کورد دەبەخشێت

گێڕانەوەی بنچینەیی بۆ دارشتنی نەتەوەیەکی کۆن پشت بە گێڕانەوەی تایبەت و زمان و ئەدەبی کوردی دەبەستێت. لە سەدەی بیستەمەوە بەرگریکارانی ناسیۆنالیزمی کورد بە مەبەستی دارشتن و بەرهەمهێنانی ناسنامەیەکی نەتەوەیی، سوودیان لە بەرهەمە مێژووییەکان وەرگرتووە (Vali 2003:63). دوابەدوای ڕووخانی دەوڵەتی عوسمانی، زۆرێک لە ڕووناکبیرانی کورد دەستیان کرد بە بیرکردنەوە لە کوردبوونی خۆیان. بۆ نموونە لە ساڵی ١٩٣١ مێژوونووس محەمەد ئەمین زەکی (١: ١٩٣١) پرسیاری ئەوەی کرد، بنەچەی سروشتی کورد چییە و چی بەسەریان هاتووە؟ کەسانێکی وەک جەمال نەبەز، لایان وایە ناسیۆنالیزمی کوردی لە نووسراوە مێژووییەکان و شیعری ئەحمەدی خانی و شەرەفخان بەتلیسیدا هاتووە (Hassanpour 2003: 100) ئەوان بەم کارە ڕەتی دەکەنەوە ناسیۆنالیزمی کوردی تەنیا دووبارە خستنەڕووی چەمکە ڕۆژئاواییەکانە. کورد زیاتر لە نیو سەدەیە ئەو خاکەی کە ئێستا تێیدایە (واتە باکووری عێراق، باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیا، ڕۆژئاوای ئێران و باکووری ڕۆژهەڵاتی سوریا) نیشتەجێ بووە و لە ڕووی کولتووری و زمانەوانییەوە لە دراوسێ عەرەبی و تورکی و فارسەکانیان جیاوازە. (McDowall 2004; van Bruinessen 1994).

ئەگەرچی کۆمەڵگەی کوردی لە سەرەتاکانی سەدەی پانزە و شانزەیەمدا تارادەیەک خێڵەکیبوونی بەخۆیەوە بینی، ئەمەش بووە هۆی سەرهەڵدانی دەسەڵاتی سیاسیی کورد و دامەزراندنی میرنشینە کوردییەکان (Ghassemlou 1965: 37; Hassanpour 1992) لەم ماوەیەدا شێخەکان کۆنترۆڵی خۆرسکیان هەبووە و حوکمڕانییان بەسەر دانیشتووان و زەویدا دەکرد (٥٢: ١٩٩٢). لە ماوەی ململانێی دەسەڵاتی ناوچەیی کە پێشتر باسمان کرد لە نێوان دوو

ئیمپراتۆریەتی عوســـمانی و سەفەویدا، کورد زیاتر پەراوێزخرا و بووە هۆی سنووردارکردنی ئەو ئۆتۆنۆمییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەی کە پێشتر چێژیان لێ وەرگرتبوو (٥٣: ١٩٩٢). هەر لەو هەلومەرجەدا بوو کــە ئەحمەدی خانی، شـــاعیری ڕێزداری کورد، گریانی دەهات بە ژێردەســـتەیی کـــورد و ئیلهامبەخش بوو بۆ ســـەرهەڵدانی بەئاگاهاتنـــەوەی نەتەوەیی لە کۆمەڵگەیەکـــی فیۆدالـــی ڕێکخـــراودا کە لە پێشـــدا دڵســـۆزی بۆ بنەماڵە و عەشیرەت و شوێنی لەدایکبوون بوو (٥٥: ١٩٩٢) . چیرۆکی خۆشەویســـتیی خانـــی واتە مـــەم و زین لە ســـەدەی حەڤدەیەم، بەردێکی بناغەی هەر باسێکە سەبارەت بە سەرچاوەی ناسیۆنالیزمی کوردی. چیرۆکێکی خۆشەویســـتی تراژیدییە دەربـــارەی گەنجێک (مـــەم) و ژنێک (زین) لــە خێڵە جیـــاوازەکان کە بـــە نەهامەتی و خیانەت لەیەکتر جیـــا دەبنەوە؛ حیکایەتەکە بە شـــێوەیەکی بەرفراوان وەک ئاماژەیەک بۆ بارودۆخی کـــورد لە ژێر دەســـەڵاتی بیانیدا تێدەگەین. ناسیۆنالیستەکان چەمکی ( /derda ma خەباتی ئێمە) کە لەلایەن خانییەوە هاتە ئـــاراوە ڕێزی لێ دەگرن کـــەوا نوێنەرایەتیی بێ بەشـــبوونی کوردی دەکرد (Strohmeier 2003). بانگەوازەکانـــی خانی بۆ یەکگرتن و ئازادکردنی هەموو کوردەکانی ژێر دەسەڵاتی دەرەکی، هەروەها ســـزادانی کـــورد بەهۆی ناتەبایـــی و دابەشـــکارییە ناوخۆییەکانیانەوە گرنگ بوون. بەرهەمەکەی وەک ســـروودێکی نەتەوەیـــی دەخوێندرێتەوە. بەم پێیە خاڵێکی ئاماژەی بۆ نوخبە کـــوردەکان دابین کردووە لە ڕێگەیەوە ناســـنامەیەکی نەتەوەیی بنیات بنێن. ســـەرەڕای ئـــەوەش، بنچینەخوازەکان لایان وایـــە، هۆنراوەکە سروشـــتی ناوەکیی ناســـیۆنالیزمی کـــوردی ئاشـــکرا دەکات (Strohmeier 2003: 27; van Bruinessen 2003). ســـەرەڕای پێگـــەی ڕێزگرتنی خانی لە خەیاڵی بەکۆمەڵـــی کورد، بەڵام کارەکانی کوردناس و ناسیۆنالیســـتی کورد بەسەر دوو ئۆردوگادا دابەش دەکات: ئەوانەی باوەڕیان بە نووسینەکانی هەیە، کۆنیەتیی نەتەوەی کورد نیشـــان دەدەن و ئەوانەی کە بە پێکهێنەری ناســـیۆنالیزمی مۆدێرن دەیبینن. ئەحمەدزادە (٢٠٠٧) ئـــەوە ڕوون دەکاتـــەوە. کـــورد لە ڕەوایـــیدان بـــە ڕەگ و ڕیشـــەی مێژوویی خۆی لـــەو ناوچەیـــەی کە تێیـــدا دەژی و درێژکردنەوەی مێژووی خەباتی خۆی بۆ مافە نەتەوەییەکانـــی خۆی لەوانـــەش دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی، بەزۆری ئاماژە بە کتێبی "مـــەم و زین"ی ئەحمەدی خانی دەکات کە لە ساڵی ١٦٩٥دا نووسراوە.

کـــورد لە ســـەدەی بیســـتەمەوە تادێت بە ئاماژەدان بەم جـــۆرە بەرهەمە ئەدەبییانە بانگەشەی ناسیۆنالیستیی خۆی چەسپاندووە. ئەمە لە کاتێکدایە ڤان برۆینسن (٤١-٣: ٢٠٠٣) دان بە گرنگیی ســـیمبۆلیکی خانیدا دەنێت، بەڵام مشـــتومڕی هەیە لەســـەر بانگەشـــەی بنچینەییـــی خانـــی و لەبری ئەوە وەســـفی پاڵنەرەکانی خانی بۆ نووســـینی شیعرەکە بە زمانی کوردی، وەک یاخیبوون لە سیاســـەتی تواندنەوەکانـــی ئیمپراتۆریەتـــی عوســـمانی دەکات. ڕێـــکاری بنچینەیـــی چەندین خاڵی ســـنوورداری هەیە، بە تایبەتـــی پەیوەندیی بە ناســـیۆنالیزمی کورد و کارەکانی خانییەوە هەیـــە. یەکـــەم: گەرچی خانـــی خۆی وەک کورد دەناســـێنێت و هانـــی یەکگرتنی کورد دەدات، بەڵام ڕەخنەگران دەڵێن لە ســـەدەی حەڤدەیەمدا خەڵک خۆیان بە ناســـنامەیەکی نەتەوەییـــی تایبەتـــەوە نەناســـاندووە (van Bruinessen 2003: 44) بەکارهێنانـــی دەســـتەواژەی کورد لەلایەن خانییەوە، وەک دەگوتـــرێ، ئاماژەیـــە بۆ کۆمەڵێک کەســـی جیاواز، بە بێ ئەوەی ناسنامەیەکی هاوبەشیان هەبێت. بەڵکوو پەیمان لەگەڵ هۆزی ناوچەکە و شا و ســـوڵتانی سەرتاســـەری بوو. دووەم: بانگەوازی خانی بـــۆ یەکگرتنی کورد لە ژێر

یەک فەرمانڕەوادا نابێت وەک بانگەوازێک بۆ دامەزراندنی نەتەوەیەکی مۆدێرن لێک بدرێتەوە، چونکە کارەکانی خانی پێش دەوڵەتی نەتەوەییی مۆدێرن بوون (٤٥: ٢٠٠٣). ڕەنگە ڕەخنەگرانی کارەکەی خانی ڕاست بن، چونکە بەڵگەی تەواو لەبەردەستدا نییە بۆ بوونی ناسیۆنالیزمی کوردی. بەڵام کارەکانی خانی ئەوە دەردەخەن، جۆرێک لە ناونان و جیاکاری لە نێوان کورد و دراوسێکانیدا هەبووە. ڕەنگە دانیشتووانی کورد هەستێکی یەکگرتوویی و ناسیۆنالیزمیان لەدەست دابێت؛ وەک ئەوەی ئەمڕۆ لێی تێدەگەین، بەڵام ناتوانرێت نکۆڵی لەوە بکرێت شوناسێکی ناوازەی کورد هەبووبێت. ئەگەر پریمۆردیالیستەکانی کورد لەبەکارهێنانی ئەدەبیاتی سەدەی حەڤدەیەمدا وەک بەڵگەیەک بۆ کۆنیەتیی خۆیان، لە ڕادەبەدەر پەرۆش بن، دەبێ بڵێین ڕەخنەگرانیش بە هەمان شێوە بۆ ڕەتکردنەوەی پەلە دەکەن.

جگە لەو نارەزایەتییانەی سەرەوە، بنچینەخوازەکان تووشی دوو ڕەخنەی فراوان و پەیوەندیدار دەبنەوە. **یەکەم:** چەمکسازیی بنچینەخوازی بۆ ناسنامەیەکی جێگیر و ناسیۆنالیزم، ڕێگە بە گۆڕانکاری نادات (Joireman 2003: 31) بەڵام ناسنامە و نەتەوەکان شل و ناجێگیرە. بۆ نموونە دەیڤید لایتین (١٩٩٨) نیشان دەدات هەرچەندە هەندێک ناسنامەی نەتەوەیی هەیە قووڵن (وەک بنچینەخوازەکان دەڵێن)، بەڵام هەندێکی دیکەیان لە ڕووی کولتوورییەوە و زیاتر بە شێوەیەکی ڕەسەن بنیات نراون. کارەکانی ئەم خاڵە لە ڕێگەی دانیشتووانی ڕووسی لە لاتفیا، ئیستۆنیا، ئۆکرانیا و قەزاقستان (کەنار دەریا) دەخەنە ڕوو. لایتین بەڵگەی ئەوەیە، ئەم گرووپە ڕووسی زمانانە بە شێوازی جیاواز پەرەیان سەندووە: هەندێکیان خۆیان لەگەڵ نەتەوەی ناوداری ناوچەییدا ئاسمیلە کردووە، هەندێکی تریان ناسنامەیەکی نوێی (تێکەڵەیی)یان گرتووەتەبەر (هاوشێوەی کوردەکانی ئێران، عێراق، سوریا و تورکیا) و هەندێکی تریش دیزاینیان کردووە چی دەبێتە ناسنامەیەکی نوێ (١٩٩٨:٣٢-٤). خاڵێک کە هەیە ئەوەیە ڕەنگە ناسنامەی تاکێک یان گرووپێک بە تێپەڕبوونی کات بگۆڕێت. بۆیە بنچینەخوازی شکست دەهێنێت بۆ ڕوونکردنەوەی گۆڕانکاری. **دووەم:** بنچینەخوازی ناسنامە فرە نەتەوەییەکان ناناسێتەوە و ڕوونی ناکاتەوە (Joireman 2003: 32)

ڕەنگە تاکێک یان نەتەوەیەک لە یەک کاتدا خاوەنی زیاتر لە ناسنامەیەک بێت (بۆ نموونە کورد-تورک). سەرەڕای ڕەخنەکان و نەبوونی ئەنجامی سەرچاوە مێژووییەکانی ناسیۆنالیزمی کوردی، بەشێک لە کوردناسەکان بەردەوامن لە بانگەشەی ناسیۆنالیزمێکی کۆنی کورد. ئەم بانگەشەیە هێشتا بەهێزە. زۆرجار لە ڕاگەیاندنەکەی ئێرنست ڕێنان (١٨٨٢) وەرگیراوە، کە پێشنیار دەکات "بە هەڵە وەرگرتنی مێژووەکەی بەشێکە لە نەتەوە بوون". بەڵام کۆدەنگیی ئەکادیمی ئەوەیە، نەتەوەکان مۆدێرنن. لە بەشی داهاتوودا ڕێکاری مۆدێرنیستی ڕوون دەکەینەوە. بەشی دواتری بابەتەکە، بۆچوونی مودێرنیستی لێک دەداتەوە. مشتومڕی ئەم بەشە ئەوە دەبێت چۆن ئەم ڕوانگەیە ناسیۆنالیزمی کورد لێک دەداتەوە و ڕەخنەکان دژ بە مودێرنیزم پێناسە دەکات.

## ئەکاونتی مۆدێرنیستی و سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزمی کوردی

ڕێدۆزی مۆدێرنیستی لەبارەی سروشتی خۆرسکی و هەمیشەییی ناسنامە نەتەوەییەکان، ململانێی بۆ بنەما ناوەندییەکانی بنچینەخوازی سازکردووە. لە ساڵانی هەشتاکانی سەدەی ڕابردووەوە، مۆدێرنیستەکان بە جەختکردنەوە لە سروشتی بنیاتنراوی نەتەوەکان، گریمانە

سەرەکییەکانی بنچینەخوازییان تێکداوە. مۆدێرنیزم دەڵێ ناسنامەی نەتەوەیی، نەک جێگیر و سەقامگیر، هەمیشە لەلایەن نەوە نوێیەکانەوە دانوستان و گۆڕانکاریی نوێی بۆ دەکرێتەوە (Ozkirimli 2010: 61 ) مۆدێرنیزم ململانێی بۆ ئەو باوەڕە سەرەتاییە ساز کردووە بڕوای بە سروشتی و کۆنیی نەتەوەکان هەیە. مۆدێرنیزم وەک تیۆریی ناسیۆنالیزم لە تیۆرییەکانی مۆدێرنیزاسیۆنی سالانی شەستەکانەوە سەری هەڵدا کە لە بواری ئەکادیمیادا سەرکەوتنێکی گەورەیان بەدەست هێنابوو (٢٠١٠: ٧٢). لایەنگرانی سەرەکیی بریتین لە جۆن بریویلی (١٩٨٢)، ئێریک هۆبسباوم (١٩٩٠)، ئێرنست گیلنێر (١٩٦٤، ١٩٨٣) و بێندێکت ئەندەرسۆن (١٩٨٥). چاپخانە، پیشەسازی، سکۆلاریزم و دەوڵەت وەک ئامرازێک بۆ لە دایکبوونی نەتەوەکان و ناسیۆنالیزم دەناسێنن. بەم شێوەیە مۆدێرنیستەکان جەخت لەسەر بنیاتنانی کۆمەڵایەتیی نەتەوەکان و ناسیۆنالیزم دەکەنەوە. بۆ نموونە ئێرنست گیلنێر (١٩٦٤) ڕوونی دەکاتەوە، ناسیۆنالیزم هۆشیارکردنەوەی نەتەوەکان بۆ خۆئاگایی نییە: ئەو نەتەوانە لەو شوێنانە دادەهێنێت کەوا نین. بیندیکت ئەندرسۆن لە **کۆمەڵگە خەیاڵکراوەکان** (١٩٨٥) دا، یەکێک لە حاڵەتە زۆر سەرنجڕاکێشەکان بۆ تیۆری مۆدێرنیستی دەخاتە ڕوو. لێکۆڵینەوەکەی ئەندەرسۆن لەسەر سێ "پارادۆکس"ی ناسیۆنالیزمە. **یەکەم،** ئاماژە بەوە دەکات بە پێی لێکدانەوەی زۆربەی بابەتەکان نەتەوەکان دیاردەیەکی تا ڕادەیەک نوێیە، بەڵام لایان وایە خۆیان کۆنن (١٩٨٥: ٦). **دووەم،** ئەو بەڵگەیە دەهێنێتەوە، نەتەوەکان بە شێوەیەکی تایبەت یەکگرتوو نین: هەزاران نەتەوە هەن و هەموویان سەر بە یەک نەتەوەن. **سێیەم:** ئەندرسۆن (٦:١٩٨٥) پێشنیاری ئەوە دەکات، نەتەوەکان دەسەڵاتی سیاسییان هەیە، بەڵام زۆر جار لەڕووی فەلسەفییەوە ناتەبان. بۆ ئەوەی یارمەتیدەر بین بۆ تێگەیشتن لەوەی ئەم پەیوەندییە دژ بە یەکانە چۆن دێنە ئاراوە، ئەندرسۆن نەتەوەیەک بە "کۆمەڵگەیەکی سیاسیی خەیاڵی" پێناسە دەکات. تاکەکان لایان وایە خۆیان ئەندامی کۆمەڵگەیەکن لەگەڵ تاکەکانی دیکە کەم لەبارەیانەوە دەزانن و ڕەنگە هەرگیز ڕووبەڕوویان نەبنەوە.

مۆدێرنیستەکان زیاتر بەڵگەیان ئەوەیە، ناسیۆنالیزم بەهۆی بنیاتنانی مێژوو و زمانێکی هاوبەشەوە هان دەدرێت. چاپی سەرمایەداری ئاسانکاریی بۆ دابەزینی زمانە ناوخۆییەکان کرد و هەربۆیەش پەرەی بە زمانێکی هاوبەش دا. چاپی بەکۆمەڵی ڕۆمان و ڕۆژنامە، ڕێگەی بە کەسانی پچڕاو دا کە لە یەک کاتدا بەشداریی ڕووداوەکان بکەن و ئەزموونی ڕووداوەکان بکەن. بە تێپەڕبوونی کات، بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکان بە زاراوە ناوچەییەکان چەندین زمانی ناوخۆییی جیاوازی بەیەکەوە گرێ دا و زمانێکی نووسراوی هاوبەشی بەرهەمهێنا (Anderson 1985). ئەم پەرەسەندنە هاوکات بوو لەگەڵ بیرۆکراتیزەکردن. بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی کاریگەر دەسەڵاتی سیاسی بەکاربهێنن، ناوەندە ئیدارییەکان زمانێکی هاوبەشیان گرتەبەر. لێکدانەوەی مۆدێرنیستەکان هەموو جارێک بۆ لێکدانەوەی سەرچاوەی ناسیۆنالیزمی کوردی بەکار دەهێنرێن، وەک چۆن زۆربەی ئەکادیمییەکان ناسیۆنالیزمی کوردی بە مۆدێرن و بنیات نراو وەسف دەکەن. ئەم لایەنە لە ناسیونالیزمی کوردی بۆ سەرەتای سەدەی بیستەم دەگەڕێنێتەوە. باس لەوە دەکات کە ناسیۆنالیزمی کوردی وەک ڕەتکردنەوەی شۆڕشی گەنجانی تورک لە ساڵی ١٩٠٨ و دواتر ڕووخانی ئیمپراتۆریی عوسمانی لە کۆتاییی جەنگی جیهانیی یەکەمدا سەری هەڵداوە. بیرۆکەکانی شۆڕشی گەنجانی تورک سەبارەت بە

چاکسازیی دەستوری و ناسیۆنالیزمی تورک، ئیلهامبەخش بوو بۆ کوردەکان بۆ دامەزراندنی یانەی خۆیان و بەدواداچوون بۆ خوێندن بە زمانی کوردی. ناسیۆنالیستە کوردەکان بە چاپکردنەوەی فۆلکلۆر و ئەدەبیاتی کوردی، بەتایبەتی بەرهەمەکانی ئەحمەدی خانی و شەرەفخان بەتلیسی، هانی خوێندەوارییان لە ناو کورد دەدا (Naamani 1966: 281) ئەمەش یەکێکە لەو ڕێگایانەی ئەم بەرهەمانە دیسانەوە هاتنەوە ناو کۆمەڵگەی کوردەوە کەوا ناسیۆنالیستە کوردەکان لە توانایاندایە نەتەوەی کورد بنیات بنێن. هەرچەندە نەعمانی سەرهەڵدانی هەستی ناسیۆنالیستی دەگەڕێنێتەوە بۆ ناوچەی کوردی لە تورکیا، بەڵام ناسیۆنالیزمی کوردی لە عێراق زۆرترین گەرمیی هەیە. هۆکارە سەرەکییەکانی ئەمە دیمۆگرافی و جوگرافیایە: کوردەکان لە عێراق بەشێکی بەرچاوی دانیشتووانی عێراق پێک دەهێنن لە چاو کوردەکانی وڵاتانی دیکە. لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا تا ناوەڕاستی سەدەی بیستەم، دانیشتووانی کورد نزیکەی لەسەدا ١٠ی دانیشتووانی تورکیا و ئێرانیان پێک هێنابوو، لە کاتێکدا کوردەکان لە عێراق نزیکەی لەسەدا ٢٠ی دانیشتووانی عێراقیان پێک دەهێنا. جگە لەوەش کوردەکان لە عێراق لە ڕووی جوگرافیاوە زیاتر چڕ بوون و توانییان بەرخۆدانێکی کاریگەر لە دژی دەوڵەتێکی تازەپێگەیشتووی عێراق پێک بهێنن. وەک لە سەرەوە ئاماژەمان پێ دا، زۆربەی ئەدەبیاتی ئەکادیمی لەسەر ناسیۆنالیزمی کوردی باس لەوە دەکەن کە دوای دارمانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی سەری هەڵداوە (Gunter 2007; Halliday 2006; Jabar 2006; Jwaideh 2006; McDowall 2004; Olson 1989; Vali 1998).

بۆ نموونە ڕۆبێرت ئۆلسۆن (١٩٨٩) ئاماژە بەوە دەکات، هەڵوەشاندنەوەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و شۆڕشی گەنجانی تورک هاندەری کۆکردنەوەی نەتەوەی کورد بوو کە ڕێکخراویان پێک هێنا. ئەم کۆکردنەوەیە لەگەڵ ناونووسکردنی گەنجانی کورد لە قوتابخانەکانی ئەورووپاشدا بوو کە لەوێدا چەمکە مۆدێرنەکانی ناسیۆنالیزمیان ناسی دواتر ئەم بیرۆکانە گوازراونەتەوە بۆ بەرپرسە ئایینییە ناوخۆییەکان، ئەوانیش لە بەرانبەردا چەمکەکانی ناسنامە و نەریتی کوردییان بۆ دانیشتووانی کوردستان بڵاوکردەوە. (Olson 1989: xvii) پێش ساڵانی ١٩٠٠ کوردەکان بە پێی میرنشین و هۆز و ناوچە خۆیان ڕێک دەخست. هەڵوەشاندنەوەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بووە هۆی ململانێیەکی ناوچەیی بۆ خاک و سەرچاوە لە نێوان گرووپە جیاوازەکاندا، ئەمەش سەرکردەی هۆزە کوردەکانی ناچار کرد بانگەشەی خاوەندارێتیی مێژوویی بکەن لەسەر ئەو زەوییانەی تێیدا نیشتەجێ بوون. دروستکردنی ناسیۆنالیزمی کوردیی مۆدێرن، پرۆژەیەکی نوخبەکانە کە مۆدێرنیستەکان بەڵگەی بۆ دەهێننەوە. ناسیۆنالیزمی کوردی بنیات نرا و وێنا کرا (Strohmeier 2003).

یەکەم ڕۆژنامەی کوردی بە ناوی کوردستان کە لە ساڵی ١٨٩٨ دامەزرا، هاندەرێکی گرنگ بوو بۆ بنیاتنانی ناسنامەی کورد (Strohmeier 2003). وەک بەڵگە، سترۆهمایەر ئاماژە بە مۆتیڤەکانی کوردستان دەکات: داوای لە کوردەکان دەکرد 'لە خەوی نەزانییان بەئاگا بێنەوە [...] دواکەوتوویی خۆیان بناسن' (٢٣: ٢٠٠٣). ڕۆژنامەکە جەختی لەسەر کورد وەک گرووپێکی جیا کردەوە کە مێژوویەکی کۆن و کولتوور و زمانێکی جیاواز و هەمدیسانەوە توانای گەشەی سەربەخۆ لە ستەمکارە بیانییەکانی هەیە. کارەکانی کوردستان یارمەتیدەر بوو بۆ زیندووکردنەوەی ئەدەب و مێژووی کوردی بە ئامانجی دۆزینەوەی شوناسێکی کورد (٢٠٠٣: ٢٦؛ ڤان بروینسن ٢٠٠٣: ٥٠). ئەمەش ئەوە دەردەخات کورد ناسنامەیەکی یەکگرتووی لە

تاک و هۆز و گرووپە پچڕاوەکانەوە دروست کـردووە و بنیاتی ناوە. چاپکردن بۆ بنیاتنانی نەتـەوەکان پێویسـت بـوو. هەروەهـا ئەو گۆڕانکارییـە پێکهاتەییانەی بەهۆی ڕووخانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانییەوە بەرهەم هاتبوون، ناسـیۆنالیزمی کوردییـان پـەروەردە کرد. وەک پێشـتر ئاماژەمان پێ دا، پێش دارمانی ئیمپراتۆریەتی عوسـمانی، ئایین ئەو شوناسە سەرتاسـەرییە بوو کە دانیشـتووان لەگەڵیدا خۆیـان دەناسـاند. لەگـەڵ دروسـتکردنی دەوڵەتی نـوێ لە ناوچەکـەدا، وەک عێراق و تورکیـا، گرووپـەکان دەسـتیان کرد بە خۆناسـاندن لەگەڵ نەتەوەکەیان. بۆ نموونە تورکیا بۆ ئەوەی گرووپە نەتەوەییەکانی دیکە کز بکات، ناسـنامەی تورکیی خسـتە پێش ناسـنامەی ئیسلامی کە گشتگیرتر بوو. تەنیا لەم کاتەدا کورد دەستی کرد بە بنیاتنانی دژە ناسنامەیەک لە شێوەی ناسیۆنالیزمی کوردی. تیۆری مۆدێرنیستی گێڕانەوەیەکی ناچارکەر بۆ سەرهەڵدانی ناسـیۆنالیزمی کوردی دابین دەکات. بـەلام ڕەخنەگـران ئاماژەیان بەوە کردووە مۆدێرنیسـتەکان زۆرجـار جۆرێکی ئایدیالی نەتەوە گریمانە دەکەن کە لەسـەر بنەمای ئەزموونی سەدەی هەژدە و نۆزدەهەمی ئەورووپای ڕۆژئاوا دامەزراوە (Ozkirimli 2010: 126). ئەوان دەڵێن هەستی ناسیۆنالیستی زۆر پێش سـەدەی هەژدەهەم هەبووە. بۆ نموونە، باس لـەوە کراوە کە هاوولاتییانی سـەدەی پانـزە و شـانزەیەمی فەرەنسـا، ئینگلیـس و ئیسـپانیا هەسـتیان بە وابەسـتەبوونێکی بەهێز بۆ نەتەوەکەیـان کردووە (۱۲۶: ۲۰۱۰) سـەرەڕای ئەوەش، مۆدێرنیستەکان شکست دەهێنـن لـەوەی بنیاتنانـی نەتـەوەکان پێویسـتی بە هەندێک بناغەی ڕابردوو هەیە. ناسیۆنالیستەکان ناتوانن نەتەوەیەک دروست بکەن کـە نەریتێکی مێژوویـی نەبێت کە کاریـان پێ بکەن. ڕەخنەی دووەم و بەهێزتر لە دژی مۆدێرنیـزم ئەوەیە، ناتوانێت توخمە سـۆزدارییەکەی شـوناس و ناسـیۆنالیزم ڕوون بکاتـەوە (Ozkirimli 2010: 131). بـە لەبەرچاوگرتنی کاریگەریـی نەتەوەکان لەسـەر ئەندامەکانی شکسـت دەهێنێت. بۆ نموونە بۆچی مرۆڤەکان ئامادەن بۆ مەبەستی ناسیۆنالیسـتی بە گەرمی مـەرگ لە باوەش بگرن، ئەگەر نەتەوەکان و ناسیۆنالیزم خەیاڵ بکرێن؟ مۆدێرنیزم چاوپۆشـی لەو وابەسـتە سـۆزدارییانە دەکات کـە تاکەکان لەسـەر نەتـەوەکان و ناسـیۆنالیزم دەیخەنە ڕوو. بۆ دڵنیایی گرنگە چەنـدە تاکەکان باوەڕیان بە بابەتیکردنی نەتەوەکان هەیە. بۆ نیشـاندانی ئەم خاڵـە، بابەتەکە دارشـتنی دیدگایەکی بەدیـل بۆ نەتەوەکان و ناسـیۆنالیزم دەخاتە ڕوو: بنچینەخوازیی "نەرم". بەشـی داهاتوو زیاتر نیشـان دەدات کە چۆن بنچینەخوازیی "نـەرم"، بـۆ ڕوونکردنەوەی ناسـیۆنالیزمی کوردی یارمەتیدەرە.

## تیۆرێکی جێگرەوە بۆ ناسیۆنالیزم

بەڵگەی ڕەوتی ڕسـتەکان ئەوەمان پێ دەڵێ کارەکانی ئەنتۆنی سـمێس تێگەیشـتنێکی بەسوود بۆ سەرهەڵدانی نەتەوەکان و ناسیۆنالیزم بە گشـتی و کەیسـی کورد بـە تایبەتیتر دەرەخسـێنێت. ئەو بەشـە بە خستنەڕووی تێگەیشـتنێکی جێگـرەوە بۆ سـەرهەڵدانی ناسیۆنالیزمی کوردی، هەوڵی پردێک لە نێوان پریمۆردیالیزم و مۆدێرنیزم دەدات. ئەم ڕوانگە جێگرەوەیە چەمکی بنچینەخوازیی "نەرم"ی لە ساندرا ژۆیرمان (۲۰۰۳) وەرگرتووە. وەک چۆن لێرەدا بەکارهاتووە، بنچینەخوازیی نەرم، نەتەوەکان و ناسـیۆنالیزم درک بە هەبوونی توخمـە توخمە کـۆن و نوێیەکان دەکات و شـۆناس بە شـتێکی کراوە لە قەڵەمی دەدا. پێش سـەدەی نۆزدەیـەم کۆمەڵێک گرووپ هەبوون کولتوور و زمانێکی هاوبەشیان هەبوو بەلام پێویسـتی بە تەکنەلۆژیای پیشەسازی و مۆدێرنیزاسـیۆن هەبوو بۆ یەکخستنەوە و

خستنەڕووی ناسنامەی شاراوە. گرووپەکان کولتوور و زمانێکی جیاواز و هەستی کۆمەڵایەتییان بۆ چەندین سەدەیە هەیە، بەمەش بناغەیەکی سەرەتایی بە نەتەوەکان بەخشیوە (Clark 1995: 10 ). بەم شێوەیە، بنچینەخوازیی نەرم دان بە دێرینیی نەتەوەکاندا دەنێت، بەڵام لە هەمان کاتدا گرنگیی مۆدێرنیتە لە سەرهەڵدانی نەتەوەکان و ناسیۆنالیزمدا دەناسێت. ئەم تێگەیشتنە لە ناسیۆنالیزم لەسەر کارەکانی ئەنتۆنی سمێس دامەزراوە. سمێس (١٩٨٦) ڕەخنە لە هەردوو بنچینەخوازی و مۆدێرنیزم دەگرێت. ئەو جەخت لەوە دەکاتەوە مۆدێرنیزم ڕۆڵی کولتوور، زمان، هێما و ئەفسانە لە پرۆسەی نەتەوەسازیدا بە کەم دەزانێت، ئەمە لە کاتێکدایە یەکەمیان پەرەسەندنی نەتەوەکان بە تێپەڕبوونی کات ڕوون ناکاتەوە، واتە بۆچی مرۆڤەکان ناسنامەیەک دەگرنەبەر، بەڵام ساڵ لە ناسنامەی تر دەکەنەوە (بۆ نموونە 'ئەڵمانی نەک پرۆسی) (Smith 2001: 54). بۆ ڕاستکردنەوەی ئەم کەموکورتییانە، بنچینەخوازیی نەرم، جەخت لە ڕۆڵی کولتوور و زمان دەکاتەوە، خزمەت بە یەکخستنی ئەو گرووپانە دەکەن کە هاوبەشی ئەم پراکتیزکردنانەن. سمێس دەڵێت، تایبەتمەندیی "کۆن" هەیە کە تایبەتە بە نەتەوەکان و ئەمانە دەتوانرێت لە هونەر، زمان، زانست و یاساکانی کۆمەڵگەیەکدا بدۆزرێنەوە (Smith 2008 ). بۆیە نەتەوە و ناسیۆنالیزم لە هەمان کاتدا سەرەتایی و مۆدێرنن. وەک پێشتر باسمان کرد، سمێس زاراوەی "ئیتنی\ethnie" بەکاردەهێنێت بۆ وەسفکردنی شێوازی ڕێکخستنی گرووپەکان لە کۆندا (سمێس ١٩٨٦: ٣٢). زاراوەی "ئیتنی" جەخت لە هەستی کۆمەڵگەیەکی مێژوویی دەکاتەوە. بەم شێوەیە پێناسە دەکرێت کە نە ناوی جەماوەری مرۆیی لەگەڵ ئۆستوورەکان، مێژووەکان و کولتووری باوباپیرە هاوبەشەکان پێناسە کراوە و پەیوەندییان بە هەبوونی هەرێمیکی دیاریکراو و هەستی هاوبەشەوە هەیە (٣٢: ١٩٨٦). سمێس بە پشتبەستن بەم تێگەیشتنە باس لەوە دەکات نەتەوەکان لە قۆناغە جیاوازەکان و لە کیشوەرە جیاوازەکاندا سەریان هەڵداوە و سەریان هەڵداوەتەوە و لە کۆتاییدا هەندێکیان بە هۆی "شۆڕشی سێ لایەنە" گۆڕدراون بۆ نەتەوەکان. شۆڕشی سێ لایەنە لە شۆڕش لە دابەشکردنی کار، شۆڕشێک لە کۆنترۆڵکردنی ئیدارەدان و شۆڕشێک لە هەماهەنگیی کولتووریدا پێک هاتووە (١٩٨٦: ١٣١). بۆ نموونە پەروەردە و وەرگرتنی سەربازی بۆ چاندنی هەستی ناسیۆنالیستی لەناو هاووڵاتییاندا زۆر گرنگ بوون. سمێس پرسیارەکان دەوروژێنێت کە بۆچی "نەتەوە" بووەتە بەرجەستەکردنی ئایدیالە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی مرۆڤایەتی و بۆچی زۆرێک لە نەتەوەکان -هەرچەندە هەموویان ناگرێتەوە- بەدوای نەتەوەبووندا دەگەڕێن. ئەو پێی وایە شۆڕشی سێ لایەنە بەرپرسیار بووە لە دروستکردنی نەتەوەکان بە خواستراو (Smith 1986: 131). لە حاڵەتی **یەکەمدا**، بەرزبوونەوەی چالاکییەکانی دەوڵەت، ناوەندە ئابوورییە جیاوازەکانی ناچار کرد پەیوەندی لەگەڵ یەکتردا دروست بکەن و بووە هۆی بەستنەوەی ناوەندە گوندنشینەکان و شارەکان. **دووەم:** شۆڕشی ئیداری و سەربازی دابەشبوونی خاکی ئەورووپای بەهێزتر کرد و هانی نەزمی نێوان دەوڵەتانی دا. لە کۆتاییدا شۆڕشی ڕووناکبیری و پەروەردەیی، ڕێبازی کەنیسە و نەریتی، بە دەوڵەتی سەروەری گۆڕی. بۆیە سێ شۆڕشەکە، دەوڵەتی ناوەندی و لە ڕووی کولتوورییەوە یەکسانیان دامەزراند و تا سەدەی بیستەم ئەورووپایان دابەش کردبوو بەسەر تۆڕێکی دەوڵەتە "عەقڵانی"یە بیرۆکراتییەکاندا (١٣١: ١٩٨٦). بەڵام گەشەسەندنی پێکهاتنی نەتەوە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، زۆر لە گەشەسەندنی

ڕۆژئاوا دەچوو. شۆڕشی سێ لایەنە زۆر دواتر هات و بە شێوەیەکی نایەکسان ڕووی دا و بەهۆی پێکهاتە نەتەوەییە جیاوازەکانەوە، گرووپەکان زیاتر خۆیان لەسەر بنەمای پێوەرە نەتەوەییەکان دەناساند. لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەست و سۆزی نەتەوەیی بەردەوام بوو بەڵام جگە لە ئێرانییەکان، گرووپەکان نەیانتوانی دەربڕینی خاکی یان سیاسی بدۆزنەوە.

## تێگەیشتن لە ناسیۆنالیزمی کوردی لەگەڵ بنچینەخوازیی "نەرم"

بە دڵنیاییەوە کورد دەتوانێت بانگەشەی ئەوە بکات ڕەگ و ڕیشەی کۆنی هەیە. لە سەدەی حەوتەمەوە فەرهەنگ و زمان و نیشتمانێکی جیاوازی کوردی بەدی دەکرێت. زمانی کوردی خاوەنی زاراوەی جۆراوجۆرە، بەڵام لێکچوون و یەکێتییەکی بنەڕەتی لە زمانی کوردیدا هەیە (Minorsky in van Bruinessen 1994) . حەسەنپوور، لە بەرهەمە سەرەکییەکەیدا سەبارەت بە زمانی کوردی، باس لەوە دەکات، کوردی نووسین لە دەوروبەری سەدەی پانزە و شانزە لە سەردەمێکدا پەرەی سەندووە کە زمانی عەرەبی و فارسی زاڵ بوون (455Hassnpour 1992 :). جگە لەوەش، کولتووری کردەکیی کوردەکان بریتین لە جلوبەرگ، خواردن، مۆسیقا و کردارە کۆمەڵایەتییەکان لە دراوسێکانیان جیایان دەکاتەوە. ئەم جیاوازییە کولتووری و زمانەوانییانە سەرەتا لە لایەن **خانییەوە** بۆ تیشک خستنە سەر بوونی شوناسێکی کوردی، هەرچەند نایەکگرتووانە دەربڕدراون. کۆتاییهاتنی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، ڕۆڵی هەبوو لە یەکگرتن و دەرکەوتنی ناسیۆنالیزمێکی کوردی کە لەسەر کولتوور و زمانێکی کۆنی کوردی دامەزرابوو. هەرچەندە نەتەوەی کورد و هەستکردن بە ناسیۆنالیزم وەک ئەوەی ڕوانگەی مۆدێرنیستی تێدەگات، نەبووە، بەڵام چەندین سەدە نەتەوەیەکی کورد هەبووە. جگە لەوەش، دانیشتووانی کورد لەسەر "نیشتمان"ی ئێستای خۆیان ژیاون و لە سەدەی حەوتەمەوە کولتوور و زمانێکی هاوبەشی جیاواز لە گرووپە دراوسێکانیان پراکتیزە کردووە (Hassanpour 1992, MacDowall 2004). بنچینەخوازیی "نەرم"، چەمکسازییەکی بەسوود بۆ تێگەیشتن لە کەیسی کورد دابین دەکات. لێرەدا چەمکی "ئیتنی" لە لایەن سمێسەوە بە تایبەتی یارمەتیدەر و پەیوەندیدارە. زۆرجار ناسیۆنالیستە کوردەکان بانگەشەی مێژوویەک دەکەن ڕەگ و ڕیشەی لە کۆنەوە داکوتاوە. کوردەکان پێداگری لەسەر ئەوە دەکەن کە گەلێکی جیاوازن، چەندین سەدە هەمان خاکیان داگیرکردووە. ئەم باوەڕە لە دەستووری حکومەتی خۆسەری هەرێمی کوردستان لە باکووری عێراقدا چەسپاوە. دەستوور بەم وشانە دەکرێتەوە:

*کورد گەلێکی کۆنە، هەزاران ساڵە لە زێدی خۆی کوردستان ژیاوە، نەتەوەیەک بە هەموو ئەو سیفەتانەی کە دەیخەنە ڕوو بۆ پراکتیزەکردنی مافی چارەی خۆنووسین، هاوشێوەی نەتەوە و گەلانی تری جیهان (حکومەتی هەرێمی کوردستان-دەستووری کاتی).*

بە دڵنیاییەوە دەتوانرێت ئەم ڕاگەیاندنە وەک تاکتیکێکی سیاسی لێک بدرێتەوە کە ئامانجی پاراستنی کۆنترۆڵی کوردە بەسەر ئەو خاکەی ئێستا بەڕێوەی دەبەن و بۆ دروستکردنی ڕەواییدان بە جیابوونەوە لە عێراق لە داهاتوودا. بەڵام ئەمە گرنگیی ئەو لێدوانە زەوت ناکات. بە ڕوونی ئاماژە بەوە باوەڕە دەکات کوردەکان سەبارەت بە کۆنیی نەتەوەیی خۆیان و جیاوازییەکەیان هەیانە.

## کۆتایی

کورد لە سەدەی حەوتەمەوە تا سەرەتای سەدەی بیستەم لە دەسەڵاتدارە یەک لە دوای یەکەکانی کۆلۆنیالیزم ڕزگاری بوو و بەشێکی زۆری ناسنامەی خۆی پاراست. پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت هەرچەندە کورد لە ژێر دەسەڵاتی کۆلۆنیالیزمدا بوو، بەڵام سەرکردەکانی کورد بەرپرسیارێتیی دانیشتووان و خاکی خۆیان پێ دەسپێردرا. عەشیرەتە کوردەکان هەمیشە بەرپرسیارێتییان لە بەرانبەر دانیشتووانی خۆیان پاراست. ئەمە خاڵێکی بەرچاو نیشان دەدات: ناسنامەی کورد کاردانەوەیەک نەبوو بەرانبەر بە مەیلە ناوەندگەراییەکانی کۆلۆنیالیستەکان. ئەم بەردەوامبوونە بە زیادەش بە هۆی ئەو پراکتیزەکردنەی زمان و کولتووری هاوبەش و قووڵەوە ڕوون دەبێتەوە کەوا دانیشتووانی کوردی گرتەوە. خوێندنەوەیەک بۆ مێژووی کورد ئەوەمان بۆ دەردەخات دەبوو ناسنامەی کورد بەهۆی هەندێک ڕووداوەوە (بۆ نموونە لەشکرکێشیی عەرەب و حوکمڕانیی ئیمپراتۆریەتی فارس و تورکیا) تێک بچێت. لەگەڵ ئەوەشدا کورد توانی ناسنامەیەک بپارێزێت کە تەمەنی چەندین سەدەیە. تا کۆتاییی جەنگی جیهانیی یەکەم کورد دەستی کرد بە بەرەنگاربوونەوە و کاردانەوە بەرانبەر بە هەوڵە ئاسمیلاسیۆن و ناوەندگەراییەکانی دەوڵەتانی میواندار. هەر لەم سەردەمەدایە کە ناسیۆنالیزمی کوردی توخمە مۆدێرنەکانی وەک بانگەوازی دەوڵەتی سەربەخۆ و بڵاوکردنەوەی ئەدەبی کوردی و شارنشینیی بەدەست هێنا.

ئەم نووسینە بە مەبەستی ڕوونکردنەوەی سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزمی کوردی، ڕووپێوی ئەدەبیاتی ناسیۆنالیستیی کردووە. بابەتەکە سەیری دوو ڕوانگەی کێبڕکێی کرد کە نەتەوەکان و ناسیۆنالیزم ڕوون دەکەنەوە. لە ڕوانگەی سەرەتاییەوە، گرووپەکان خاوەنی سیفەتگەلێکی کۆن و دەگەڕێندرێنەوە بۆ کۆن. ئەم باوەڕە ئەوەمان بۆ دەردەخات نەتەوەکان کۆنن و وابەستەییی تاک بە گرووپێکەوە شتێکی سروشتییە. ئەمەش دەبێتە هۆی هەندێک گریمانە سەرەتاییەکان کە ڕەخنەیان لێ گیراوە. **یەکەم:** ڕەخنە لە بنچینەخوازی گیراوە کە گریمانەی ئەوەیە، ناسنامەکان جێگیرن. وەک پێشتر ئاماژەمان پێ دا، ڕەخنەگرانی ئەم بیرۆکەیە ئاماژەیان بە سروشتی دەڵەمەی ناسنامەکان کردووە. ڕەنگە ناسنامەی تاک یان گرووپ بە تێپەڕبوونی کات بگۆڕێت. ڕەخنەی **دووهەم** دەڵێت بنچینەخوازی لە ڕوونکردنەوەی ئەو حاڵەتانەی کە تاکەکان یان گرووپەکان چەندین ناسنامە یان وابەستەبوونیان هەیە هەرەس دەهێنێت. لە لایەکی دیکەوە مۆدێرنیزم جەخت لە سروشتی بنیاتنراوی نەتەوەکان و ناسیۆنالیزم دەکاتەوە. دەڵێت نەتەوەکان و ناسیۆنالیزم دەرئەنجامی پیشەسازیکردن و گەشەسەندنی چاپخانە و پراکتیزە بیرۆکراتییە مۆدێرنەکانن. هەروەها ئەم ڕوانگەیە کەموکورتیی هەیە و ناتوانێت بە شێوەیەکی کاریگەر چارەسەری بکات. **یەکەم:** مۆدێرنیزم حسابی بوونی هەستی ناسیۆنالیستی زۆر پێش سەدەی هەژدەیەم، ناکات. **دووەم:** مۆدێرنیزم ناتوانێت ئەو وابەستەییە سۆزدارییە ڕوون بکاتەوە تاکەکان بۆ نەتەوەکەیان هەیانە.

بە لەبەرچاوگرتنی کەموکوڕییەکانی مۆدێرنیزم و بنچینەخوازی، ئەم بابەتە بنچینەخوازیی "نەرم"ی پێشکەش کرد بۆ ڕوونکردنەوەی سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزمی کوردی. بنچینەخوازیی نەرم، دان بەوەدا دەنێت نەتەوەکان و ناسیۆنالیزم خاوەنی توخمە کۆن و مۆدێرنەکانن. لە وتارەکەدا ئاماژە بەوە کراوە کە بوونی کولتوور و زمانێکی کۆن لەگەڵ پاڵنەرە سیاسی و کۆمەڵایەتییە تایبەتەکان، بەشدار بووە لە پەرەسەندنی ناسیۆنالیزمی مۆدێرنی کوردیدا.

ئەم بابەتە لە سەردانکردنەوەی مشتومڕی

کلاسیکی نێوان سەرەتایی و مۆدێرنیزمدا، ئاماژەی بەوە دا هیچکام لەم دوو ڕێبازە بە تەنیا ناتوانن سەرچاوەی ناسیۆنالیزمی کوردی بخەنە ڕوو. بەڵکو کوردەکان هەم تایبەتمەندیی سەرەتایی و هەم تایبەتمەندیی مۆدێرن پیشان دەدەن. بۆیە ئەم لێکۆڵینەوەیە مەتەڵێکی سەرنجڕاکێش دەوروژێنێت: ئایا نەتەوەکان دەتوانن لە یەک کاتدا خاوەنی توخمە سەرەتایی و مۆدێرنەکان بن؟ دۆسیەی کورد، وەک من لێرەدا دەڵێم، بە دڵنیاییەوە ئەوە نیشان دەدات دەتوانن. ئەم دەرەنجامە کاریگەریی لەسەر ئەدەبیاتی ئەکادیمی لەسەر کورد و بە ئەگەرێکی زۆرەوە، حاڵەتەکانی دیکەی ناسیۆنالیزم هەیە. هەروەک پێشتر ئاماژەمان پێ دا، کوردناسەکان دەکەونە دوو ئۆردووگای دژ بە یەکەوە کە ناتوانن دان بە ڕەوایەتی هەڵوێستی دژ بەیەکدا بنێن. یەکێک لە بەشدارییە ئەگەرییەکانی ئەم بابەتە بریتییە لە پڕکردنەوەی دابەشبوونی نێوان ئەم دوو ئۆردووگایە بە نیشاندانی ئەوەی ناسیۆنالیزمی مۆدێرنی کوردی، بەبێ زمان و کولتوور و مێژوویەکی کۆن نەیدەتوانی سەرهەڵبدات. لە کۆتاییدا کار لەسەر نەتەوەکانی دیکە پێشوازیی لێ دەکرێت بۆ ئەوەی بزانرێت ئایا کەیسی کورد تایبەتە یان دۆزینەوەکان لێرەدا بۆ گەردوونێکی گەورەتری کەیسەکان دەگونجێت.

❋. زانکۆی ئۆنتاریۆی ڕۆژهەڵات
https://intellectdiscover.com/content/journals/10.1386/ijcis.7.2.75_1

## ژێدەر

Ahmadzadeh, H. (2007), 'In search of a Kurdish novel that tells us who the Kurds are', Iranian Studies, 40: 5, pp. 579–92.

Anderson, B. (1985), Imagined Communities, London: Verso.

Breuilly, J. (1982), Nationalism and the State, Manchester: Manchester University Press.

Clark, S. (1995), State and Status: The Rise of the State and Aristocratic Power in Western Europe, Montreal and Kingston: McGill-Queen's University Press.

Edmonds, C. J. (1968), 'The Kurdish War in Iraq: The constitutional back-ground', The World Today, 24: 12, pp. 512–20.

—— (1971), 'Kurdish nationalism', Journal of Contemporary History, 6: 1, pp. 87–97, 99–107.

Eller, J. D. and Coughlan, R. M. (1993), 'The poverty of primordialism: The demystification of ethnic attachments', Ethnic and Racial Studies, 16: 2, pp. 183–202.

Geertz, C. (1973), The Interpretation of Cultures, New York: Basic Books.

Gellner, E. (1964), Thought and Change, London: Weidenfeld and Nicolson.

—— (1983), Nations and Nationalism, Ithaca: Cornell University Press.

Gerring, J. (2004), 'What is a case study and what is it good for?' American Political Science Review, 98: 2: pp. 341–54.

—— (2007), 'The case study: What it is and what it does', in C. Boix and S. C. Stokes (eds.), Oxford Handbook of Comparative Politics, New York: Oxford University Press, pp. 90–122.

Ghassemlou, A. R. (1965), Kurdistan and the Kurds, London: Collet's Holdings Ltd.

Gunter, M. (2007), 'The modern origins of Kurdish nationalism', in M. M. A. Ahmed and M. Gunter (eds), The Evolution of Kurdish Nationalism, Santa Ana, CA: Mazda Publishers, Inc., pp. 1–17.

Halliday, F. (2006), 'Can we write a modernist history of Kurdish nationa- lism?', in F. A. Jabar and H. Dawod (eds.), The Kurds: Nationalism and Politics, London: SAQI, pp. 11–20.

Hassanpour, A. (1992), Nationalism and Language in Kurdistan, 1918–1985, San Francisco: Meilen Research University Press.

Hassanpour, A. (2003), 'The making of Kurdish identity: Pre-20th century historical and literary discourses', in A. Vali (ed.), Essays on the Origins of Kurdish Nationalism, California: Mazda Publishers, pp. 160–162.

Hastings, A. (1997), The Construction of Nationhood: Ethnicity, Religion, and Nationalism, London: Cambridge University Press.

Hawkins, D. (2009), 'Case studies', in T. Landman and N. Robinson (eds.), The Sage

Strohmeier, M. (2003), Crucial Images in the Presentation of a Kurdish National Identity, Leiden: Brill.
Treaty of Sevres (1920), 'Treaty of Sevres and Lausanne', www.fransamalting-vongeusau.com/documents/dl1/h1/1.1.18.pdf. Accessed 5 February 2013. Vali, A. (1998), 'The Kurds and Their "Others": Fragmented Identity and Fragmented Politics', Comparative Studies of South Asia, Africa and the Middle East, 18: 2, pp. 82–95.
Vali, A. (ed) (2003), Essays on the Origins of Kurdish Nationalism, California: Mazda Publishers.
Van Bruinessen, M. (1994), 'Kurdish nationalism and competing ethnic loyalties', Peuples Méditerranéens, 68–69, pp. 11–37.
—— (2003), 'Ehmedi Xani's Mem u Zin and its role in the emergence of Kurdish national awareness', in A. Vali (ed.), Essays on the Origins of Kurdish Nationalism, California: Mazda Publishers.
Zaki, M. A. (1931), A Brief History of the Kurds and Kurdistan, 2 vols, Baghdad: Dar as-Islami Publishers.
suggested citation
Hassan, Z. (2013), 'Kurdish nationalism: What are its origins?', International Journal of Contemporary Iraqi Studies 7: 2, pp. 75–89, doi: 10.1386/jcis.7.2.75_1
contributor details
Zheger Hassan is a Ph.D. candidate at the University of Western Ontario in the Political Science Department. His dissertation will look at Iraqi Kurdistan's status as a de facto state within a federal Iraq.
Contact: The University of Western Ontario, Department of Political Science, 1151 Richmond St., London, ON, Canada, N6A 5B7.
E-mail: zhassan@uwo.ca
Zheger Hassan has asserted his right under the Copyright, Designs and Patents Act, 1988, to be identified as the author of this work in the format that was submitted to Intellect Ltd.
https://intellectdiscover.com/content/journals/10.1386/ijcis.7.2.75_1

## پەراوێز

1 . Anthony Smith
2 . Soft primordialism

Handbook of Comparative Politics, Los Angeles: Sage Publication, pp. 50–66.
Hobsbawm, E. (1990), Nations and Nationalism since 1780, Cambridge: Cambridge University Press.
Jabar, F. A. (2006), 'Arab nationalism versus Kurdish nationalism: Reflections on structural parallels and discontinuities', in F. A. Jabar and H. Dawod (eds.), The Kurds: Nationalism and Politics, London: SAQI.
Joireman, S. F. (2003), Nationalism and Political Identity, New York: Continuum. Jwaideh, W. (2006), The Kurdish National Movement: Its Origins and Developments, Syracuse: Syracuse University Press.
Laitin, D. (1998), Identity in Formation: The Russian Speaking Populations in the Near Abroad, Ithaca: Cornell University Press.
McDowall, D. (2004), A Modern History of the Kurds, New York: I.B. Tauris. Naamani, I. T. (1966), 'The Kurdish drive for self-determination', Middle East Journal, 20: 3, pp. 279–95.
Olson, R. (1989), The Emergence of Kurdish Nationalism and the Sheikh Said Rebellion, 1880–1925, Austin: University of Texas Press.
Ozkirimli, U. (2010), Theories of Nationalism: A Critical Introduction, New York: Palgrave Macmillan.
Renan, E. (1882), 'Qu'est-ce qu'une nation?'/'What is a nation?' Conference faite en Sorbonne, 11 March, (Delivered as a lecture at the Sorbonne), Accessed 30 January 2013.
Shils, E. (1957), 'Primordial, Personal, Sacred and Civil Ties: Some Particular Observations on the Relationship of Sociological Research and Theory', The British Journal of Socioloy, 8: 2, pp. 130–145.
Smith, A. (1986), The Ethnic Origins of Nations, Oxford: Basil Blackwell Ltd. —— (2001), Nationalism: Theory, Ideology, History, Cambridge: Polity Press. —— (2008), The Cultural Foundations of Nations: Hierarchy, Covenant, and Republic, Oxford: Blackwell Publishing.